# دار هەنارەکەی سەر گردێ

نووسینی : یەشەر کەمال

وەرگێڕانی : کەریم دانشیار

سوید ـ 1998



# دارهەنارەکەی سەر گردێ

نووسینی : یەشەر کەمال

وەرگێڕانی : کەریم دانشیار

سوید ـ 1998

www.gagesh.com

ئەم وەرگێڕانەم بۆ بیرئانینی یادی هاوڕێیانی شەڕی شۆڕشگێرانەی دەشتی قوڵقوڵە پێشکەشە.
یادی هاوڕێیان: بەهمەن مەلازادە، یوسف جەهانگیری ، هەژار کەریمی ، حسێن کەلهوڕی و هەموو شەهیدانی گەلی کورد هەمیشە بەخێرە.

کەریم

ژنەکەی مەمەد لە چەقی دەشتی ئەوپەڕ نادیار دا کز و کپ دامابوو؛ زۆریش پەرێشان بوو. داهاتەوە و خۆڵی زەوییەکەی پشکنی و چەند دەنکە توویەکی دۆزییەوە. دەنکەکانی لە ناو لەپی پەنجەدا هێنان و بردن؛ ددانی پێداگرتن. چەندێکیشی خستنە ناو گیرفانی و بەلای خۆیەوە گوتی:

ـ وەیش !!... گشتی گنخاون... وەی قوڕ بەسەری من!... دەک دەری بابانی من شێویَ لەویَ نەهامەتیی بەشانمان دا هاتووە !

سەرلەنویَ ملی نایە دۆزینی زەوییەکە و چەند دەنکە گەنمێکی دیکەشی تێدا دۆزیەوە و دیسان ددانی پێداگرتن. پاشان بە تووڕەیی تفی کردنەوە و گوتی :

ـ وەیش کە چیهام لەش و گیان لە بۆ ئەویَ مەزرایە تواندەوە، بەلام بەچی نەگەییم و چی لیَ چێ نەبوو !

لە مەزراکەدا شیناوەرد بۆ دەرمانیش نەدەهاتە بەرچاو. لەم سەر تا ئەو پەڕی مەزراکە، تەنانەت کەژ و هەردی بەر ڕوانگەیشی خاکێک بوو کە هەر بۆز دەچۆوەوە؛ جووڵەوەیشی تێدا بەدی نەدەکرا.

گوتی :

ـ دەمرین!!... ئیمساڵ قڕمان دیَ و تاکمان لێی دەرناچیَ... وەیش لەویَ ڕۆژە ڕەشێی لە ڕێمان دایە !

ئەوسا دانیشت و کز داما. بە دەشتی کاکی بە کاکیدا ڕوانی و سەیرێکی مەزرای مردوی بەردەمیشی کرد. لە هەژمەتان هەموو جیهانی لە سەر تەوقی سەر هەڵدەسووڕا. بە نەرمە ورتەی ژێر لێوانیشیەوە جار جار دەیگوت: وەیش کە چیهام لەش و گیان لە بۆ تواندنەوە، کەچی ڕەنج بە خەسار مامەوە و بەچی نەگەیشتین!

هەر لەو شوێنەی کە لێی دانیشتبوو، لێی دانیشت و هەتا بەرەبەری تەنگی بانگی شێوان جووڵەی نەکرد. یەکجار پەس و پەرێشان و شێواوە حاڵ بوو؛ هەر دەتوت لە حاندی ئاویلکەی گیان دانان دایە. ماوەیەکی خایاند و هەر بەمجۆرە دانیشت و جمەی نەهات. ئێوارە، درەنگ وەختانێک کەوتەوە خۆ و بەرەو ماڵ بۆوە. گەیشتەوە ماڵ. لە ماڵیش ڕووگرژ و مرچ ومۆن لە تەنیشت کوانووی ئاگر دا هەڵتووتەکا.

مەمەد، شووەکەی ڕووی دەمی تێکرد و گوتی:

ـ ها !... کەنیشکە ئەوە بۆچ وا دژ داماوی؟... ئەوا ئێمە دووبەیانی ڕیَ دەکەوین و دەڕۆین. هەرکە گەیشتمە (چوکوروا) ، پارەت بە پۆستەدا بۆ ڕەوانە دەکەم... دە ڕۆژ پاش ڕۆیشتنم دەچیتە لای(جەمال ئەفەندی)ی دوکاندار... من پارەت بە ناو نیشانی ئەو دا بۆ بەریَ دەکەم.

ژنە مرقەی لێوە نەهات. مەمەد گوتی :

ـ چییه؟... چته کچێ !!... چ قەوماوە؟!
ژنە لەپڕ و ناکاوێک تەقی و هەرچی دەرد و مەراقی کە لە هەناوی دا پۆنگی دابوو، یەکجێ و بەلێشاو بەسەر مێردەکەی دا هەڵی ڕشت. شریخاندی بە سەریدا و گوتی:
ـ دەبڕۆ!... بڕۆ !... بۆ ناچی ؟ چوکوروا چاوەڕوانتە، بۆ ناچی؟... چ خەمێک دڵی تۆ دەگەزێ و خەبەرت لە کوێیە کە دەنک و دانی تووی مەزرامان سەرپاکی گنخاوە!
ئێمە سوێراییمان لەماڵدا نییە... تەنانەت خوێی ئاییشمان لەماڵدا دەست ناکەوێ.
ئەی ئێمە لەم دە ڕۆژە دا چی بێ خورد و خوراکمان و بەچی بژین؟! ئێمە نە تامە چێشت و نە سوێراییمان لە ماڵ دا نییە، دەبا لە خێر و بێری ئارد و نان چاو بنووقێنین، ئێمە سوێرایی شک نابەین... دەنک و دانی تووی زەوی و زارمان گشتی گنخاوە... دە بڕۆ!... بڕۆ بۆ ناچی؟!...
لە نێوماڵی ژوورەکەیاندا دوو کارە بزن هەڵبەز دابەزیان بوو. چوار زارۆکی ڕوتەڵەی بێ بەرگ و بێ ئەنواش لە سوچێکی نێو ژوورەکە دا، سەرکز و کەیل و خەمگین بە دەوری یەکدا دانیشتبوون. دەنگ هەر بێدەنگی بوو. هەر تەنێ بچکۆلانەترینیان کە کراسی بەری لە بەر شڕۆڵی دەهات لە بەژنی دا بکەوێتە خوار، جار جار بە لووشمەیەکی کورت ، شەقڵی بێدەنگیی ژوورەکەی دەشکاند و دوو قەیتانی چڵمی شۆڕەوە بووی، بۆ سەر ، بەرەو دوو کونە لوتانی هەڵدەکێشایەوە.
مەمەد گوتی :
ـ ئەم هەرا و هاوارەی پێ ناوێ ئافرەت!... بزنە قەشان دەفرۆشین و چەند بەرمیل گەنمی پێ دەستێنین، هەرچی لەبەریشی مایەوە بە خوێی دەدەین و چت ومتی تری پێ دەکڕین... ئیتر تەواو و بڕایەوە !
ژنە گوتی :
ـ بیفرۆشە! دە تۆ بی و خودا ئەویشمان لێ بفرۆشە و دۆیەکەشمان لێ ببڕە... بیفرۆشە دەبا ئەویشمان نەمێنێ !
مەمەد تووڕە بوو. بە توندی گرماندی بە سەریدا :
ـ بەڵێ دەی فرۆشم و زۆر چاکیشی دەفرۆشم... دەی فرۆشم و پەکیشم پێی ناکەوێ .
ـ بیفرۆشە... بیفرۆشە!... تۆ خودا با بمرین و نەجاتیمان بێ .
مەمەد هەر بۆ سبەی بەیانی، بزنە قەشانی بە( دۆیرەن ئەفەندی)، کە خەڵکی گوندێکی ئەولاتر بوو، فرۆشت.
هەر کە بزنەکەیان لە ماڵ بردنەدەر، دەتگوت تەرمی ئازیزێکی خۆشەویستیان لە ماڵ چۆتە دەر. ژنەکەی مەمەد هۆن هۆن فرمێسکی بە دوای بزنە قەشان دا لە دیدە دەباراند و هەر وەک ئازیز مردە دەیناراند . مەمەدیش لەبەر شەرمی دەستەنگی و لەبەر حەیای پیاوەتی ڕووی هاتنەوەی ماڵی نەبوو.

******

لە دەرەوە ، نەرمەبایەکی سووکی تێ هەڵکردبوو. کشپەڵە وشکەی بزنان لە پای دیواری ماڵان دا، بە دەم نەرمە با، هێدی هێدی هەڵدەخلان و بە ڕەوتێکی نەرم ، لەم سەر بۆ ئەو سەر دەچوون .

لە دوورەوە سەر و پۆتەڕاکی(مەمەد ) وەدەر کەوت. چی پێ نەچوو (حەسۆک)یش هات. بە جووتە لە پای دیواری ماڵێکدا دانیشتن و دەستیان کرد بە پێهەڵاگوتنی خێر و بەرەکەتێکی کەوا گۆیا لە دەشتی (چوکوروا)دا هەڵڕێژراوە. بەڵێن بوو بەیانی شەوەکی بەرەو چوکوروا وەڕێ کەون.

حەسۆک گوتی :

ـ درۆیە!... مەگەر دەکرێ لە چوکوروایەکی ئەوتۆ مەزن و پان و بەرین دا...

مەمەد بە تووڕەیی قسەی لە دەمی حەسۆک ئەستانەوە و گوتی :

ـ درۆیە! درۆ... چۆن لە چوکوروا دا ئیش دەست ناکەوێ؟... لە وێندەرێ بە ڕۆژی ڕووناک، چرا بە دەستەوە بە شوێن پیاوی بەکار دا دەگەڕێن... درۆیە!... هەر ئەوەندە بەسە پێڵاومان بگاتە وێندەرێ ، ئیتر تەواو!... لە چوکوروا کرێکار لە دار دا دەتاشن.

زۆری نەخایاند (یۆسف)یش هات. مەمەد و حەسۆک هەردووکیان بە جووتە و یەکدەنگ و یەکدەم گوتیان:

ــ هات !!

یۆسف لە دوورەوە هاواری دەنگی تێگرتن و گازی کردنێ :

ـ ئۆۆۆهۆۆی کوڕینە... دەڵێن... دەڵێن کە نیازی چوونی چوکورواتان لە کەللە دایە... دەڵێن کە...

حەسۆک وتی :

ـ بەڵێ ، خوا یار بێ ، ئەوا خەریکی خۆ کۆکردنەوەین و لە سەر ڕۆیشتنین... منم ، مەمەدە و ئەوی تریش (ئەشقەلی)یە.

یۆسف گوتی :

ـ کوڕە باوان گیان بۆ کوێ دەچن؟... وەرن پیاوی چاک بن، ئەم خەیاڵە بەتاڵە و ئەم سەودایە پڕ زیانە لە کەللەتان دەرهاوێژن. ئێوە خەریکن بە پێی خۆتان بەرەو پیری مردن، بەرەو باوشی نەخۆشی و بۆ نێو ئەوکی ڕەشە پەتای دەشتی چوکوروا دەخوشێن. ئەرێ مشوورەکەتان چی لێ بەسەر هاتووە ماڵ کاولینە کە دەتانەوێ خۆتان بەم دەردە بەرن؟... ئێوە پێتان وایە چونی چوکوروا گەمەو گەپ و گاڵتەیە؟ دەوەرن دەرد و زوخاوی چوکوروای حیز لەمن بپرسن تاکو لە بۆتانی هەڵڕێژم و بۆتانی ببێژم... ئەوە منم کە چوکوروا گەزتەم و ئەویم بە چاوی خۆم بینیوە برادەرینە!... وەرن لە برسان و لە بێ بژیوی بمرن و ڕەق هەڵێن، بەڵام قەت قەت

هەنگاوتان بەرەو وێندەرێ کل مەکەن . ئەگەریش بەزەییتان بە تافی لاوێنیی خۆتان دانایە، دەسا وەرن ڕەحمێ بە حاڵی ماڵ و منداڵتان بکەن...
ئەتۆ مەمەد!... ئەتۆ کە چوار زارۆک نا، بەڵکە چوار چەپکە گوڵی ڕەعنات لە ماڵدا هەنە ، وەرە پیاوخاس بە و دەست لەم کەتە کاروانەت هەڵگرە. شەرەتە کێ بچێتە وێندەرێ ، ئیتر گەڕانەوەی بۆ نییە؛ گەڕانەوەیشی لە بۆ بلوێ ، ئەوەتا هەروەک منی ماڵوێران بە کۆشێک دەرد و ئاهۆ و ئازارەوە دەگەڕێتەوە ماڵ.
مەمەد گوتی :
ـ هیچ دەرەتانێکی ترمان نییە باوکەکەی باوکم .
حەسۆک گوتی :
ـ ئێمە خۆییشمان لە گشت چەم و خەمی ئەولا شارەزاین برای شیرین، بەڵام چ دەرووپەکی بەخێری تر شک نابەین و ڕێ بە چ دەروازێکی ڕوون دا نابەین.
یۆسف ناڵاندی و گوتی :
ـ هەر ئەوانەی کە شارەزای چوکوروان ، باش دەزانن دەرد و مەراق و مەینەتیی وێندەرێ چۆنە و چەندە. ئەز دەزانم چوکوروا چییە... لەوێ ئاگربارانە. هەردی ژێرپێ پڕی مافەتەیە و دایک گەرای ناسازی لێیە. هەواکەی پڕی پەخشە و تەپۆی خوێنخۆرن. حاندی ئێواران مێشوولە بۆت دێن و بەسەرت دەکشێن هەر وەک هەور؛ یەک بە ئاسمان دێن و بەسەرت وەردەبن. پەخشەکانی پەخشە نین، هەر یەکەی گورگێکی خۆێنخۆرن... بەهەزاران و هەزاران هوروژم دێنن و لە چاوترووکانێک دا دڵۆپێک تەڕایی لە جەستەی ژینەوەر دا ناهێڵن...
برادەرینە !... چوکوروا بڵێسەی لێ هەڵدەستێ. وەرن دەست هەڵگرن و مەچن. لە من و لە دەرد و ئازارەکانی من بڕوانن یاران! من وێنەیەکی تەواو زیندووم لە مەرگی هێوری دەشتی چوکوروا. ئاوەکەی پڕی خۆرەیە و تاوگەزە، لیچق و شیلەوتنە هەروەک خوێن... مەچن برادەرینە. من برایانە پێتانی دەڵێم و باوکانە نزاتان لێدەکەم مەچن... حاڵی ژار و پەرێشانی من ببینن... وەرن تۆ خوداکەتان مەچن، تەنانەت ئەگەر لە برسانیش هەوەک خەزەڵ هەڵبوەرێن، لێرە مەبزوون. ڕاستە لە وێندەرێ ئیش و کار دەست دەکەوێت، ڕاستە پارەی تێدایە، ڕاستە لە شیری مەل و مێرولەوە بیگرە هەتا گیانی ئادەمیزاد، هەرچی بیخوازی و بتهەوێ، هەر هەمووی تێدایە، بەڵام سەردانان و تێداچوونیشی هەیە. لەش بەباری و ڕەشە نۆبەتێ و دیق و زەردوییشی تێدایە. حالی بەلەنگازی من بەچاو ببینن تاوەکو بۆتان دەرکەوێ کە چوکوروا چییە. چوکوروا بڵێسەی لێ هەڵدەستێ برادەرینە... وەرن بە ئەشقی پیرتان واز لەم چوونە بهێنن و مەچن برادەرینە...
حەسۆک گوتی :
ـ چارمان ناچارە برای شیرین، ئەشێ هەر بچین. مردن لە ڕێدایە، گەر هات و لە وێندەرێ مردین، چش با بمرین .

مەمەد :

ـ دەچین !

حەسۆک :

ـ مردن هەزار شانازی و شەرەفی بەسەر هەژاریدا هەیە. پەتا و ئازاری نۆبەتێ لە نەداری باشترە. دەردە باریکەش لە دەسبەتاڵی و لادەسی گەلێک قازاخترە.

مەمەد:

ـ دەچین !

یۆسف :

ـ ڕۆژ و ڕۆژگارەکەی من بە چاو ببینن و بزانن من لە دەست ئەم ئازارە دزێوە چی دەکێشم یاران! ... من لەگەڵتاندا نیم و نایەم... بێتو جارێکی دیکەش تاوی دەشتی چوکوروام بە سەر بکشێت، ئیتر بۆ هەتا هەتایە هیچ سێبەرێکم بەسەردا ناکشێت و نانی زیندووان ناخۆم... دەڵێم خودا بە کەسی ڕەوا نەبینێ! ئیتر بەشی من بەسە، من چڵ و چرۆی دار و دەوەن دەخۆم و توێلکی درەختان دەکرۆسمەوە و نانی چوکوروا ناخۆم !...

مەمەد :

ـ دەچین !

حەسۆک وتی :

ـ مردن هەزار شەرەفی بەسەر هەژاریدا هەیە... ئێمە دەچین !

یۆسف گوتی :

ـ ڕەنگی زەردم ببینن و حاڵی پەرێشانم بە چاو ببینن، سا ئەوەدەم بێژن دەچین.

یۆسف بە دەم قسەکردنەوە، جار جار، ورگی خۆی پەنجە نیشان دەکرد. ورگی یۆسف هەر بە چەشنی ورگی ئافرەتی دووگیان، تۆلاو تۆل لێهاتبوو. ملی باریکی چەشنی داوە دەزووی یۆسف، زۆر بە زەحمەت سەر و سەکوتەکەی ڕاگرتبوو. ڕەنگی ڕوخساری لەبەر کەم خوێنێ، چەشنی ڕووەکی ژێر بەردی پەنا سێبەران ڕەنگێکی زەردی زەعفەرانی و کاڵ و کەمڕەنگی لێ نیشتبوو. توێخ و توێژاڵی ژێر قاچ و قولانی بە هۆی هێندە پێ پەتی بوون و پێخاوس ڕۆیشتنی، هەر وەک لاستیقی تایەری ترۆمبێلان، کونجر کونجر و توێ توێ بەسەر یەکدا چەمیبوونەوە و ڕەق و تەق هەڵاتبوون.

حەسۆک گوتی:

ـ مردن لە ڕێگایشمان دابێ، دەڕۆین و پاشگەزبوونەوەمان نابێ !

یۆسف :

ـ من برایانە پێتانی دەڵێم ، مەچن!... پەخشە و تەپۆکانی هەر یەکەی...

حەسۆک تووڕەبوو. بەسەری دا گرماند :

ـ تۆ خواکەت یۆسف بەسکە و بێبڕەوە باوکەکەم! ... بەسە واز بێنە و لێمان بەوە ...!

یۆسف دەمی بەسەر یەکدا تەپی و ئیتر بێدەنگ مایەوە.

******

لە دەرەوەی گوند، لە سووچێکی بەرماڵاندا ڕاوەستابوون و چاوەڕوانی مەمەد بوون بێت و وەڕێ کەون.
پێخەفە داپێچراوەکانیان بە کۆڵ دادابوو. داسەکانیان بە لاکەلەکەوە هەڵواسیبوو و ئامادە ڕۆیشتن بوون.
مەمەد لەگەڵ خێزانی خەریکی ئاخر وتووێژانی بوو، کە سەرەنجام و ئاخر پەیام گوتی: بە خودێم ئەسپاردن و لە ماڵ هاتە دەر. ژنەکەی مەمەد لەبری وەرامی ماڵاوایی، گازی کرد:
ـ دەنک و دانی تووی زەوی و زارمان سەرپاکی گنخاوە !

بوولێڵی بەیان هەروا دەهات و ڕەنگی شەوەکیی وەژێر خۆی دەدا؛ دەهات بەیان بنگەوێت و وڵات ڕووناک ببێت. بە پەلە کەتنە ڕێ و گوندیان جێ هێشت. هەتا ئەو دەمەی کە دیوارو سەربانە کورت و بۆزەڵەکانی گوندیان لە هەتەری چاوان دابوو، پەسا پەسا سەریان بۆ وەردەچەرخانەوە و بە حەسرەتەوە سەیری دیمەنی هەژارانەی زێد و نیشتمانەکەی خۆیانیان دەکرد. هەروا دەڕۆیشتن و لە دێ دوور دەکەوتنەوە، هەر ئەوەندەش توند و بە هەڕەمە دەڕۆیشتن، کە تەپ و تۆزی خۆڵە پۆتەی پاش سەریان بە حەوا دا دەدا.
لە دواوە دەنگێکیان بە گوێ گەیشت. ڕاوەستان و سەیریان کرد و دیتیان یۆسفە بە هەلینگدان بۆیان دێت.
دڵنیگەران بوون. هاواریان کردێ:
ـ خێرە یۆسف!! .. چییە ؟... چ باسە ؟
یۆسف گوتی :
ـ خێرە.
گەیشتە لایان و لە سەر بەردێک دانیشت. سنگی هەروەک مووشەدەمەی بادەمێنی کورەی ئاسنگەران دەهاژا. بەدەم هەناسەسوارییەوە گوتی :
ـ سەبرێکم لێ بگرەن با پشوویەکم بێتەوە بەر... هەر لە گوندەوە هەتا ئێرە، یەک پشوو بە دواتاندا هەڵاتووم.
لە ژوور سەری یۆسف دا ڕاوەستان و ئیستێکیان گرت. یۆسف دوای چەند هەناسە کێشانێکی دوور و درێژ، پشووی تازە کردەوە و لە جێ هەستا و گوتی :
ـ دانیشتم و بیرم لێکردەوەو دوای خۆ ساغ کردنەوەم بە دواتاندا هاتم. کورد گوتەنی : مردن جارێک و شین و شەپۆڕ بۆکردنەیشی جارێک... مردن جارێک و... دەسا با بڕۆین برادەرینە !
ئاسمانی بان سەریان، ئەم سەر تا ئەو پەڕی، ساماڵە ساوێکی پاکی بێ هەور و هێڵ بوو. دەشتی ئەو سەر نادیاری ژێر پێیشیان شێوەرد و گێڵگە و زەوی و زاریی

داچێندرای بێ شیناوەرد بوو. مەزراکان ڕەنگێکی بۆزی خۆڵەمێشییان بەسەر کشابوو. هەر ئەودەم کە بەڵاشانی کێڵگەیەکدا تێدەپەڕین، حەسۆک داهاتەوە و خۆڵی زەوییەکەی پشکنی و گوتی :

ـ بەکەڵک نایە و چی لێ چێ نابێ ...

مەمەد گوتی :

ـ ئەوە گرتمان، گرتیشی!... هەتا بستێکی لێ بژار دەکەی، نە پەنجەت بۆت بە پەنجە دەمێنن و نە نینۆکەکانت بۆت بە نینۆک. چەرەمەسەرە و گیان لە بۆ تواندوەکەیشی بە پای فیلانە و بەر و بەرهەمەکەیشی هەر دوو لاوێچی نەپوختەیە و چیتر...

حەسۆک گوتی :

ـ دەبا ئەو دوو مشتەشم هەر نەبێ کاکە!... وەڵڵاهی من نەم گەرەکە و نایخوازم !

یۆسف گوتی :

ـ لە خودێ دەخوازم چوکوروا خاپوور و نوقمەسار بێت.

گشتیان پێکەنین.

گەیشتنە(کانێ سپی). دانیشتن و پشوویەکیان تازە کردەوە. دەست و پەلیان شورد و ئاوێکیان خواردەوە. لە دانیشتن و پشوودان دابوون کە لە پڕ حەمەدۆک، شوانەکەی ماڵی(کەکی)خان هاتە لایان و لە بەرامبەریان دا چەقی. حەسۆک پرسیاری تێگرت :

ـ ئۆغر بێ حەمەدۆک !

حەمەدۆک گوتی :

ـ خولیان چوونی چوکوروا کەوتۆتە سەرمەوە. بیستبووم و دەمزانی ئێوەیش ڕێگای وێندەرێتان لەبەرە. هەربۆیە ئەوا دوو ڕۆژە لەم گاز و گوزەرەدا چاوەڕوانیتان دەکەم. من بەنیاز بووم هەر هەنووکە ڕێگە بگرمە بەر و بڕۆم ، بەڵام باش بوو دەئێوە هەڵەنگوتم... دەتو خودا لێبگەڕێن با ئەربابەکەم بە شوێن شوانێکی لێهاتووی وەکی خۆمدا سەر و خواران بتەقێنێتەوە. من سەری خۆم هەڵدەگرم و لە دەستانی ڕادەکەم و دەڕۆم... ئیتر بەشی من بەسە !

حەمەدۆک کوڕێک بوو لەڕ و بارێک. قەڵافەتی وردیلانە و لەڕ و باریکی دەگەڵ دەست و پەلی پان و ئەستووری لێک نەدەوشانەوە و هەر دەتگوت دەستی پیاوێکی دەستەی بە لابار وەرگرتووە.

ئەشقەلی گوتی :

(ناتەواو)